حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
لیژنەی باڵای ئەزموونە گشتییەکان
ئەزموونە گشتییەکانی قۆناغی ئامادەیی (زانستی – وێژەیی)

بەناوی خودای گەورە

بابەت: زمان و ئەدەبی کوردی /کات: سێ کاتژمێر

**وەڵامی نموونەیی**

خولی یەکەم / ساڵی خوێندنی 2021 -2022

پەنجەمۆر

لیژنەی باڵای ئەزموونەکان

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە، بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە

1. لە کام لەم ڕستانەدا بکەر جێناوی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك؟
A.بۆیان ئاوەدان بکەنەوە. B.**کتێبەکەم بۆ بگەڕێنەوە**. C.نەخۆشەکە ببەنە نەخۆشخانە. D.هەموویان ڕاستن.

2. لە ڕستەی (ئەم سەرکەوتنە بە تێکۆشانی ئەوانە.) وشەی ( تێکۆشان ) دیارخراوە بە :
A.جێناوی نیشانە بۆ کۆی دوور B.جێناوی نیشانە بۆ کۆی نزیك
C.هاوەڵناوی نیشانە D.**جێناوی کەسیی سەربەخۆ**

3. لە ڕستەی (بۆ جەژنی نەورۆز سێ چەپك لە گوڵی نێرگز دەکەم بە دیارییەکی جوان بۆ هاوڕێکانم.) چەند (دیارخەر) هەیە؟
A. سێ B. چوار C. **پێنج** D.شەش

4. لە ڕستەی ( ئێوەیان ئاگادارنەکردووەتەوە.) ئەگەر بەرکار بگۆڕین بۆ جێناوی لکاو ، و کاری ڕستەکە بکەین بە ڕانەبردوو ، دەبێتە :
A.ئاگاداریان ناکەنەوە. B.ئاگادارتان ناکاتەوە. C. **ئاگادارتان ناکەنەوە**. D. ئاگاداریان ناکاتەوە

5. لە کام لەم ڕستانەدا (کاری ناتەواو) بە شێوەی (تەواوکەری ڕاستەوخۆ) تەواوکراوە؟
A.براکەم بووە بە ئەندازیار. B.**یارییەکە بەشەو بوو**. C.قەڵەمەکەت بە من بوو. D.هیچیان

6. جێناوە لکاوەکانی ( ت ، تان ) دەبن بە دیارخەری ناو لەگەڵ کاری:
A.ڕابردووی تێپەڕ B.ڕابردووی تێنە پەڕ C.داخوازی D.**هەموویان**

7. لە ڕستەی ( پرۆژەگەورەکان زۆر بەسودن.) ئەگەر ناوە دیارخراوەکە بکەین بە تاك، چی دەردەکەوێت؟
A.ئامرازی دانە پاڵ(ە) B.ئامرازی دانە پاڵ (ی) C.**کار** D.( C+A ) ڕاستن

8. لە بابەتی (ڕادەی هاوەڵناو) دا ، کام لەمانە هەڵەیە؟
A.ڕادەی هاوەڵناو، پێویستی بە ئامرازی دانە پاڵ نییە بکەوێتە نێوان ڕادە و هاوەڵناوەکە.
B.ئەو هاوەڵناوانەی کە ڕادەی هاوەڵناوی چۆنیەتی دەردەخەن، هاوەڵناوی نادیارن.
C.**ڕادەی هاوەڵناوەکە هەمیشە دەکەوێتە دوای هاوەڵناوە بنجییەکە**.
D.ڕادە و هاوەڵناوەکە پێکەوە گرێیەکی هاوەڵناوی دروستدەکەن.

9. لە ڕستەی (فەرهەنگێکی باشتر بەکاربهێنە.) ، (دیارخەر) چییە؟
A.هاوەڵناوی نادیارە B.هاوەڵناوی چۆنیەتیی پلەی باڵایە C.ناوی تاکی نەناسراوە D.**هاوەڵناوی پلەی بەراوردە**

10. کام لەم کارانە ئەگەر بیگۆڕین بۆ ڕێژەی ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندن جێناوی لکاوی بکەر دەچێتە دوای ئامرازی (نە)؟
A.**ناخوێنێت** B.وەرناگرین C.ناڕوات D.دەرناچین

11. لە ڕستەی (گۆڤارەکەی بۆ کڕیم.) ئەگەر (تەواوکەری بەیاریدە) بگۆڕین بۆ جێناوی لکاوی ( ت ) دەبێتە :
A.گۆڤارەکەت بۆ کڕیم. B.گۆڤارەکەی بۆ کڕییت. C.گۆڤارەکەت بۆی کڕی. D.**گۆڤارەکەی بۆت کڕی**.

12. لە ڕستەی ( ئەگەر یارمەتیمان دابان ، کارەکەیان تەواودەکرد.) کام لەمانە دەبێتە بەرکاری ڕستەی کاری مەرج ؟
A.جێناوی لکاو ( یان ) B.جێناوی لکاو ( مان ) C.**جێناوی لکاو ( ن )** D. وشەی ( کارەکە )

13. لە کام لەم چاوگانە ئەگەر ڕێژەی داخوازی بۆ کەسی دووەمی تاك دروستبکەین بکەر دەردەکەوێت :
A.**بوون** B.ڕۆیشتن C.ڕاخستن D.بردن

14. لە ڕستەی (کەی خۆر ئاوابوو، دەچینە ژوورەوە.) ، (کاری مەرج) لە چ ڕێژەیەکدایە؟
A.ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن B.**ڕابردووی نزیکی ڕاگەیاندن** C.ڕابردووی بەردەوامی ڕاگەیاندن D.ڕانەبردووی ڕاگەیاندن

15. لە ڕستەی (ڕێوییەکی گەرۆك لە شێرێکی نووستوو چاکترە.) هاوەڵناوی (گەرۆك) بە چ دەستورێك دروستبووە؟
A.**ڕەگی کار + پاشگر** B.هاوەڵناو + پاشگر C.قەدی چاوگ + پاشگر D.ناو + پاشگر

16. لە کام لەم ڕستانەدا وشەی (زۆر) ڕادەی هاوەڵکارییە؟
A.بەفرێکی زۆر باری. B.دیارییەکی زۆر بەنرخم بۆ هاتووە. C.ئاوەکە زۆر سارد بوو. D.**هیچکام لەمانە**

17. لە کام لەم ڕستانەدا ئەگەر کارەکە بگۆڕین بۆ (ڕابردوو)، جێناوی لکاوی (بەرکار) دەرنـاکەوێت؟
A.دەمنێرێت بۆ کتێبخانە. B.**دەیهێنێت بۆ ئێرە**. C.بانگیان دەکات بۆ ئاهەنگەکە. D.ڕزگارمان دەکات.

18. لە کام لەم ڕستانەدا (کاری مەرج) ڕانەبردووی دانانییە ؟
A.ئەگەر زوو ڕویشتبایت ، کارەکەت ئە نجام دەدا . B.کەی کارەکەتان تەواوکرد ، بڕۆن بۆ ماڵەوە.
C.**گەر باشتر بخوێنن ، دەردەچن**. D.B+C ڕاستن.

19. لە ڕستەی (کوڕە، یارمەتیی ئەوپیاوە هەژارە بدە.) بزوینی (ە) لە دوای وشەی (هەژار)چییە؟
A.ئامرازی پەیوەندییە B. پاشگرە C. کاری ناتەواو. D.**بەشێکەلە هاوەڵناوی نیشانە**

20. لە ڕستەی (ڕاسپاردەکەتم بۆ نارد.) ئەگەر (بەرکار) لابدەین، پاشان کارەکە بگۆڕین بۆ (ڕانەبردوو)، ڕستەکە دەبێت بە :
A.بۆت دەنێرم. B. بۆم دەنێرێت. C.**بۆی دەنێرم**. D.بۆی دەنارد

21. کام لەم هاوەڵکارانە پێکهاتووە لە (ناو + پاشگر)؟
A.ئازادانە B.**شەوانە** C.مەردانە D.بێباکانە

22. جێناوی کەسی لکاوی (ین) لەگەڵ کام لەمانە دەبێتە بەرکار:
A.**وەری دەگرت**. B.وەرمان دەگرت. C.دەبوو وەرم گرتبا. D.وەردەگرێت.

23. لە ڕستەی (مەهاباد پایتەختی کۆماری کوردستان بوو.) ئەرکی گرێی (کۆماری کوردستان) چییە؟
A.تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواوە B.تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواوە
C.**دیارخەری ناوە** D.نیهادە

24. لە کام لەم ڕستانەدا کاری ڕستەکە تەواوی تێپەڕە ؟
A.**کەسێکی دڵسۆزم هەبوو** . B.بەفرەکەیان ڕاماڵیبوو. C.لە ڕا پەڕینەکە بەشداربوو. D.منداڵەکە لەدایکبوو

25. لە کام لەم ڕستانەدا جێناوی لکاوی (بکەر) دەرکەوتووە؟
A.دەهات بۆ پێشانگاکە. B.گەڕایەوە بۆ ماڵەوە. C.لە ژوورەکەی دانیشتووە. D.**باخچەکەی بۆ ڕازاندەوە**.

26. وتارێکی ڕەخنەیی مارف خەزنەدارە لە گۆڤاری شەفەق بڵاوکرایەوە :
A.**کورد و ئسلوبی شیعر** B.شیعرو نووسینی کوردی C.کورد و شیعر D.کۆن و تازە لەشیعردا

27. کام لەمانە لە پێوانە ڕەخنەییەکانی (نالی) یە؟
A.باشترین شیعر، ئەو شیعرەیە کە وشەکانی جوان و چێژبەخش و ڕەوان بن و واتاکانیشیان سودبەخش بن.
B.شیعری جوان و بەهادار ئەو شیعرەیە کە بەکەمترین وشە، زۆرترین واتای دەربڕیوە.
C.بەهای دەق، واتای جوان و نوێیە، نەك هەر بەتەنیا وشە و واژەی جوان و ڕازاوە.
D.**هەردوو وەڵامی (B و C) ڕاستن**

28. لە بارەی ( زمانی شیعر )، لە قۆناغی ( 1970 – 1975 ) ، کام لەمانە هەڵەیە؟

A.زمانی شیعر ئاڵۆزە و خوێنەری شیعر بەئاسانی لە واتای وشەکان ناگات.  B.لە چوارچێوەی کوردیی پەتیدا دەسووڕایەوە.

C.**بەرەو هەڵگرتنی شەقڵی بەرەنگاربوونەوە و چۆکدانەدان دەڕۆیشت.**  D.زمانێکی خوازەیی پانتایی دەقی شیعری داگیردەکات.

29. وتارە رەخنەییەکانی ( جەمیل بەندی ڕۆژبەیانی ) لە کام گۆڤاردا بڵاودەکرایەوە؟

A.**گەلاوێژ**  B.شەفەق  C.هاوار  D.دەنگی گێتی تازە

30. لە بنەڕەتدا هونەرێکی ئەوروپییە، پێویستی ژیان وایکردووە وەك ڕوخسارێکی هونەری لەناو هەموو نەتەوەکانی جیهاندا بڵاوببێتەوە .

A.ڕۆمان  B.وتار  C.شیعر  D.**چیرۆکی هونەری**

31. ڕوداوی سیاسی و باسی خەباتی ڕەوای کورد ، ژیانی پێشمەرگایەتی نێو شاخ بوو بە هەوێنێ چاوەهەڵهێنانی ڕۆمانەکانی قۆناغی:

A.سەرەتا  B.**گەشەسەندن**  C.جێگیربوون  D. ( B+C ) ڕاستن

32. کام لەم شیعرانە بەرهەمی ( دیلان ) ن؟

A.( بەهار ) و ( بێشکەی مناڵ )  B.( کوردم ئەمن ) و ( ڕێگەی خەبات )

C.( ئەی کچە شوان ) و ( بەهار )  D.**( ڕێگەی خەبات ) و ( بەهار )**

33. لە ماوەی دامەزراندنی ( کۆماری کوردستان )، چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە دەرچوون، لەوانە :

A.**هەڵاڵە**  B.نزار  C.بڵێسە  D.هیوا

34. ( زۆر لاوی ئازات، لە کۆڕی خەبات، خوێنی خۆیان ڕشت ) ئەم نیوە دێڕە شیعرە بەرهەمی کێیە؟

A.هێمن  B.کامەران موکری  C. **هەژاری موکریانی**  D. گۆران

35. لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا کۆمەڵێك چیرۆکنووسی قۆناغەکانی پێشوو بە بۆچوونی تازە و کەرەستەی تازە بەردەوامبوون، وەك:

A. محەمەد موکری  B.**مستەفا ساڵح کەریم**  C.شێرزاد حەسەن  D. محەمەد فەریق حەسەن

36. ڕۆمانی ( گوندی مێرخاسا ) لە نووسینی کێیە ؟

A.عەرەبی شەمۆ  B.**عەلی عەبدولڕەحمان**  C.حاجی جوندی  D. محەمەد ئوزون

37. ( خۆریش نیم، بەباڵەوە لە ڕۆژدا ئاسمان تەی کەم ) ئەم نیو دێڕە، بۆ چ مەبەستێکی شیعری وتراوە؟

A.وەسفی سروشت  B.**بەرەنگاری**  C.یاخیبوون  D.هەستی نامۆبوون

38. لە گۆڤاری .......... دا، هەندێك جار چیرۆکە کوردییەکان کراون بە ( فەڕەنسی )، ئەمەش ئەزموونێکی تازە بوو، لە ئەدەبی کوردیدا.

A.**هاوار**  B.شەفەق  C.ڕۆژا نوو  D.گەلاوێژ

39. ( دەبێت دەقی ئەدەبی ڕەنگدەرەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی و خوڕەوشت و نەرێتی کۆمەڵ بێت. ) ئەمە بۆچوونی کێیە؟

A.**مەدام دی ستال**  B.بوالۆ  C.سانت بیڤ  D.ئەلفرید دی موسێ

40. ( قەدری جان ) سوودی لە فۆلکلۆری کوردی وەرگرتووە، بۆ دەوڵەمەندکردنی:

A.وێنەی شیعری  B.**زمانی شیعر**  C.ناوەڕۆکی شیعر  D.هەموو وەڵامەکان ڕاستن

41. کام لەم ڕۆمانانە بەرهەمی ( نافیع ئاکرەیی ) یە؟

A.**بوهژین**  B.هاوارا دیجلەیێ  C.کۆردەرە  D.هەوارێ

42. کام لەم شاعیرانە دەنگێکی دیاری ماوەی نێوان ساڵانی ( 1970 – 1975 ) بوو؟

A.**دڵشاد مەریوانی**  B.جەمیل ڕەنجبەر  C.نەوزاد ڕەفعەت  D.ئەنوەر مەسیفی

43. دەربارەی گرنگترین خاسیەتەکانی وتار لە قۆناغی ( 1970-1991 ) کام لەمانە ڕاستە :

A.زمانی وتار پوختەتربوو لە ڕووی وشەو زاراوە دەوڵەمەندتربوون.

B.زمانی وتارەکان گەشەیان بەخۆیانەوە دەبینی چونکە زیاتر بەرەو کوردی پەتی دەبران.

C.بە هۆی سەرهەڵدانی وتار نووسی ژنەوە ژنی کورد هاندەدرا بۆ خوێندن و خوێندەواری.

D.**وتار وەك هۆیەك بۆ پاراستنی زمانی کوردی بەکاردەهێنرا** .

44. عبدوڵلا سەراج لە نووسینی چیرۆکەکانی دا سودی لە چی وەرگرتووە؟

A.هونەری سینەما  B.بەیت و لاوك  C.ئەفسانە و هێمای مێژوویی  D.**( B+A ) ڕاستن**

45. لە کام قۆناغی شیعر، گەلێك وێنەی شیعریی جوان بەکارهاتووە، سەرچاوەکەی لە ڕووداو و کارەساتە مێژوویی و نەتەوەیی و جیهانییەکانەوە وەرگیراون؟

A. 1939 – 1958  B. 1958 – 1970  C. **1970 – 1975**  D. 1975 – 1991

46. لە کام لەم دێڕە شیعرانەدا بابەتی ( ڕەگەزدۆزیی تەواو ) هەیە؟

A.مەعشوق تویی ب فەخر و نازی  عاشق تویی لێك بێ نیازی.

B. پیری بەتەنیا ڕەحمەتە  پیری و هەژاری زەحمەتە .

C.نەقابیلی حەملێ داغ و دەردان  نەمابیلی سەیری باغ و وەردان.

D **هیچیان**

47. لەم دێڕە شیعرەدا کام لەم بنەمایانەی ( لێکچواندن ) هاتووە؟

مانگی من کە وا لە زەمیندایە  دایم لە تافی چواردەمیندایە.

A.لێچوو  B.**لەوچوو**  C.لێچوو و لەوچوو  D.لێچوو و لەوچوو و ڕووی لێکچوون

48. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕەدا هەیە؟  ئەم کۆمەڵی گوڵاڵە کە ئاڵن لە کێو و کەژ  ئاویان دراوە گشتی بە خوێنە ڕژاوەکەم.

A.**جوانیی بایس**  B.خواستنی درکاو  C.لێکچواندن  D.خواستنی ئاشکرا

49. چ بابەتێکی ڕەوانبێژی لەم دێڕە دا هەیە ؟  ئەوەی ڕزقی موقەڕەرە بەخۆی دێ  سەد دەفعە بخوازێ یا نەخوازێ

A.خواستنی درکاو  B.**دژ یەکی نەرێ**  C.جوانیی بایس  D.دژ یەکی ئەرێ

50. لەم دێڕە شیعرە ( لێکچواندنە ) دا کام لەمانە دەبێتە ڕووی لێکچوون ؟

دڵم زنجیرئەکەم ئەمما لە یاری دڵڕوبا چ بکەم  ڕەگم وشکە وەکو پووشە، لە قووەی کارەبا چ بکەم

A. پووش  B.یاری دڵڕوبا  C.**وشکایەتی**  D.ڕەگی شاعیر